# ڕۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەریدەکات، ژمارە نۆبەرەی لە ١-٧-٢٠٠٠دا بڵاوبۆتەوە... ژمارە ٢٥٠ یەکشەممە ٠٩-٠١-٢٠١١


## دیواری ئامەد لە یۆنسکۆ جێدەگرێ

سەرچاوەکانی هەواڵی تورکیا ئاشکرایان کردوە کە دیواری شاری دیاربەکر لەپێش لیستی شوێنەواری جیهانی یۆنسکۆدا UNESCO ناونووس کراوە.

وەزارەتی ڕۆشنبیری و گەشتوگوزاری تورکیا ڕایگەیاندووە دیواری دیاربەکر کە دیوارێکی مێژووییە لەنێو لیستی شوێنەوارەکانی جیهانی ڕێکخراوی یۆنسکۆدا جێیگرتووە.

جێی ئاماژەیە کە دیواری دیاربەکرد کە بە کوردانی باکوور سووری ئامەدی پێدەڵێن یەکێکە لە دیوارە دێرینەکانی مێژوو، لە دێرِ زەمانەوە لە سەرچاوە مێژوویەکاندا بە دژێکی قایم و پتەو ناوی هاتووە، ئێستا کە دەخرێتە ناو لیستی شوێنەواری جیهانی ڕێکخراوی یۆنسکۆ، باشتر دەردەکەوێ و شارستانێتی شارەکەو نەتەوەی کورد پێشانی جیهانیان دەدات. بەوەهۆیەوە ئەرکی چالاکوانانی شوینەوارپارێزە کە هەوڵەکانی خۆیان چڕبکەنەوە تا شوێنە مێژوویەکانی دیکەش بەجیهانی بکرێن.

# لەدوای واژۆکردنی سێ تێگەیشتننامە، شیمانەی ئەوە دەکرێ سنوورەکان بکرێنەوەو ڤیزەی نێوان عێراق و ئێران هەڵبگیرێ



سەرچاوەکانی هەواڵی ئێران دوێنێ ڕۆژی شەممە ئاشکرایان کرد بە هۆی ئەوەی سێ تێگەیشتننامە لەنێوان عێراق و ئێران واژۆ کراوەو بڕیاردراوە کە کۆمیسیۆنی هاوبەشی ئابووری و سیاسی پێکبهێنرێت، پێشبینی دەکرێ لە داهاتوودا وڵاتیانی هەردوولا بەبێ ڤیزە هاتوچۆبکەن.

عەلی ئەکبەر سالحی ڕایگەیاندوە کە کێشەی زیارەتکارانی ئێرانی لەسەر سنووری عێراق و گومرگ لەنێوان دوو وڵات لەنێوان بەرپرسانی عێراق و ئێراندا باسیان لێوەکراوە. هەروەها بۆ نەهێشتنی ڤیزە لەنێوان هەردوو وڵاتدا کۆششی لێبڕاوانە کراوە، لەداهاتوودا ئەو کێشەیەش یەکلایی دەبێتەوەو خەڵکی دەتوانن بەبێ ڤیزە هاتوچۆبکەن.

## سکرتێری حزب پیرۆزبایی لە سەرۆک و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکا

**بەڕێز کاک مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان**

سڵاوی ڕزگاری و سەرخۆبوون!

بەخۆشحاڵیەوە هەواڵی تەواوبوونی کارەکانی سێزدەهەمین کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستانمان بیست، وێڕای ئەوەی کە ئێمە لە حزبی ڕزگاریی کوردستاندا بۆ کۆڕی کردنەوەی کۆنگرەکەتان بانگهێشت نەکرابووین، بەڵام بە پێویستی دەزانین کە بەبۆنەی سەرکەوتنی کارەکانی سێزدەهەمین کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەڵبژاردنەوەی بەڕێزتان بە سەرۆکی پارتی، بەناوی خۆم و هەڤاڵانم لە مەکتەبی سیاسی حزبی ڕزگاریی کوردستان بەگەرمی پیرۆزباییتان لێبکەین و لەڕێی ئێوەشەوە سڵاوو پیرۆزباهی خۆمان پێشکەش بە سەرکردایەتی هەڵبژێردراوی سێزدەهەمین کۆنگرەو سەرجەم کادرو ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەین، ئاواتەخوازین کە سێزدەهەمین کۆنگرە گوڕوتینێکی نوێی بە کادرو ئەندامان بەخشی بێت تا شێلگیرانەو لێبڕاوانەتر هێزو توانای خۆیان لەپێناو گەیشتن بە مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان چڕبکەنەوە.

بەڕێز جەنابی کاک مەسعود، ئێمە لەحزبی ڕزگاریی کوردستاندا بەگەرمیەوە پێشوازی لە دروشمی مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کوردستان دەکەین کە سێزدەهەمین کۆنگرەی پارتە خەباتگێڕەکەتان بڕیاری لێداوە، چونکە بەوهۆیەوە دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان زیاتر پێشدەکەوێ، هەنگاوی بەگوڕتر بەرەو سەربەخۆیی و بەدەوڵەتبوون دەهاوێژێ و گەیشتن بە وێستگەی خواستەکانی گەلی کوردستان نزیکتر دەکاتەوە.

لەکۆتاییدا جارێکی دیکەش پیرۆزباهیان لێدەکەین و هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنتان بۆ دەخوازین.

**ڕێکار ئەحمەد**
**سکرتێری گشتی**
**حزبی ڕزگاریی کوردستان**
٢٠١٠-١٢-١٦

## ڕۆژەڤ

لە ساڵی ٢٠١٠ دەیان نامەمان بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری ناوەخۆ و چەندین بەرپرسی دیکە ناردو بێ وەڵام مانەوە. چەندین جار تەلەفۆنمان بۆ بەرپرسەکان کرد، کەچی یان هەڵیان نەگرت یان لەسەر مژولبوونیان دانا. تەنانەت هەندێک لەسکرتێری بەرپرسەکانیش پارێزیان لە وەرگرتنی نامەکان دەکردو خۆیان لە وەڵامدانەوەی تەلەفۆن دەپاراست.

وەڵامنەدانەوەی نامەی خەڵک و هەڵنەگرتنی تەلەفۆن بە ڕووی دیتران جگە لە خۆبەگەورە زانین و بەسوک سەیرکردنی بەرانبەر هیچ واتاو لێکدانەوەیەکی دیکە هەڵناگرێت و لەگەڵ ڕێساو کولتورو فەرهەنگیش ناکۆکە.

تەلەفۆن بۆ ئەوەیە کە بەبێ دیدارو کاتگرتن و بە دوو قسە کارەکان جێبەجێ بکرێن، کاتێک بەرانبەر وەڵام ناداتەوە، واتای ئەوەیە کە باکی بە چارەسەرکردنی کێشەکان و ڕاپەڕاندنی کارو ئەرکەکانی سەرشانی خۆی نیە. ئێمە کە حزبێکی سیاسی خاوەن تێکۆشانین، ئاوا ڕەفتارمان لەگەڵدا بکرێ، دەبێ بە چ شێوەیەک وەڵامی داخوازی، نامەو تەلەفۆنی خەڵکی ئاسایی بدرێتەوە؟؟!

لەوڵاتێکدا کە بەرپرسەکانی، خۆیان بە گەورەتر لە خەڵک بزانن، داهاتووی ئەو نیشتمانە بە چی دەگات؟؟ بەرپرسانی وڵاتێک کە نامەو تەلەفۆنی خەڵک وەڵام نەدەنەوە، دەبێ شیان و تواناکانیان بۆ بەرەوپێشەوە بردنی کۆمەڵ و ئاوەدانکردنەوەی نیشتمان تا کوێ بڕ بکات؟؟!

لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، نەک هەر ئەوروپای دیموکراسی، بەڵکو لە سیستەمە دیکتاتۆریەکانیشدا ڕۆژێک بۆ پێشوازیکردن لە خەڵک دیاریکراوە، کەچی لێرە لەم کوردستانەی خۆماندا هەموو دەرگەکان بە ڕووی خەڵک داخراون، کێ دێت ئەو دەرگە داخراوانە هەڵدەتەکێنێ و دیواری نێوان بەرپرس و خەڵک دەروخێنێ؟!

## موقتەدا سەدر داوای بەرخۆدان دژ بە داگیرکار دەکات

دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق ڕێبەری ڕەوتی سەدر لەیەکەمین وتاری خۆیدا داوای لە خەڵکی عێراق کرد کە بەهەر شێوازێک بۆیان دەکرێ بەربەرەکانێ لەگەڵ داگیرکاران بکەن.

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو، دوای چوار ساڵ دوورکەوتنەوە، موقتەدا سەدر ڕێبەری توندڕۆی شیعەکان گەڕایەوە عێراق و سەردانی شاری نەجەفی کردو ئارامگەی ئیمام عەلی زیارەت کرد.

موقتەدا سەدر بە دروشمی نەخێر بۆ ئەمریکاو بەڵێ بۆ بەرخۆدان درێژەی بە وتاری خۆیدا و ڕایگەیاند کە بۆ دەرکردنی هێزەکانی داگیرکار درێژە بە بەرخۆدانی سەربازی و ڕۆشنبیری دەدەن، لەو پێوەندەدا هانی لایەنگرانی خۆی داو ئاماژەی بەوە کرد کە ئیدی دەبێ جیهانیان لەوە تێبگەن کە عێراقییەکان داگیرکاری ڕەتدەکەنەوەو دەخوازن کە سوپای داگیرکار لە وڵاتەکەیان بچێتە دەرەوە.

موقتەدا سەدر لە دوێنێ بۆ لایەنگرانی خۆی قسەی دەکرد، ڕایگەیاند کە گەلی عێراق پێویستی بە دۆستایەتییە نەوەک جەنگ و ئاژاوە، بۆیە داوای لە جەماوەرەکەی کرد تا ناکۆکییەکانی ڕابردو لەبیر بەرنەوە.

## سەرۆکی ئەرکان دەگۆڕدرێ

دوای ئەوەی دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆوە کە نوری مالکی سەرۆکوەزیران بەڵێنی داوە سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق بگۆڕێت، لێدوانی دژ بەیەک هاتنە ئاراوە.

لەو پێوەندەدا عادل بەرواری، ئەندامی هاوپەیمانی کوردستانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند کە سوپای عێراق لەلایەن کوردەوە سەرۆکایەتی دەکرێ، بە ڕێککەوتنی سیاسیەوە بەستراوەتەوە، بۆیە بەبێ ڕێککەوتنی نێوان قەوارە سیاسیەکان ناتواندرێ بگۆڕدرێ یان بە لیستێک و پێکهاتەیەکی دیکە بدرێت.

جێی ئاماژە کە هەندێک سەرچاوەی هەواڵ دوای دیداری نێوان عەلاوی و مالکی شیمانەی گۆڕینی سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراقیان هێنایە ڕۆژەڤەوە، بەهۆی ئەوەی کە پۆستی وەزارەتی بەرگری بە لیستی ئەلعێراقیە دەدرێ و لە ڕۆژانی داهاتووشدا کاندیدای خۆیان بۆ ئەو پۆستە یەکلایی دەکەنەوە، بۆیە وا پێشبینی دەکرێ کە وەزیری بەرگری نوێ یان سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بە بڕیارێک سەرۆکی ئەرکانی سوپا، بابەکر زێباری بگۆڕێت و یەکێکی دیکە لە شوێنەکەی دابنێ، بەڵام هەر لە دەستپێکدا لایەنی کوردستانی دژی ئەو شیمانەیە هەڵوێستی گرتووەو ڕایگەیاندووە کە نابێ پۆستی سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق لە کورد وەربگیرێتەوە.



**دەمیرتاش وەڵامی ئەردۆگان دەداتەوە** لا ٣



**لەبەرانبەر ئێران تەنیا سێ ساڵ دەرفەت ماوە** لا ٥



**بەدرێژایی مێژووی بندەستی لە تێکۆشان بووین** لا ٦



**گرینگیپێدان بە فەرهەنگ نیشانەی زیندووبوونە** لا ٧